وەزیری بەرگری پێشووی عێراق کە ڕۆگەزنامەی عێراقی و سویدی هەیە لە سوید دەستگیرکراوە

وەزیری بەرگری پێشووی عێراق کە ڕۆگەزنامەی عێراقی و سویدی هەیە، لە سوید دەستگیرکراوە، گومانی ئەوەی لێدەکرێت بە شێوەیەکی نایاسایی سوودە دارایییەکانی لە سوید وەرگرتبێت.

لەکەڵەر یەنس نیەسن بە کەناڵی ئەس ڤی تی سویدی وت: نەجاح شەمری ماوەی نزیکەی ساڵ و نیوەکە داواکراوە.

نیەسن بە کەناڵی تی ڤی 4ـی وت: شەمری ڕۆژی دووشەممە لە فڕۆکەخانەی ستۆکهۆڵم لە کاتی گەیشتنیدا بە سوید دەستگیرکراوە.

دەزگاکانی هاگیاندنی سوید پێشتر وتیان ئەلشەمری چەندین ساڵە پشتیوانی منداڵ و خانووبەرە وەردەگرێت، سەرەڕای ئەوەی کە لە بەغداد دەژی.

ڕۆژنامەی سویدی ئەکسپرەسن بەاویکردەوە شەمری لە ساڵی 2011 دا هاتووە بە سوید و لە ساڵی 2015 دا ڕۆگەزنامەی سویدی وەرگرتووە، دواتر بە تەمەتی ساختەکاری لە سوودەکاندا خۆی و خێزانەکەی تەمەتبارکراون،وگوایە ئەلشەمری چەندین ساڵ دوای گەیانەوەشی بە عێراق بەردەوام بووە لە وەرگرتنی پارەی کەمەکایەتی "سەشیال".